دایکی ئەنەس پێی ووت: نێهنی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بۆ هیچ یەکێک باس نەکەیت، ئەنەس ووتی: والله ئەگەر بۆ یەکێک باسی بکەم ئەوا بۆ تۆ باسم دەکرد ئەی سابت

لە سابتەوە دەیگێڕێتەوە کە ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هات بۆ لام کاتێک لەگەڵ منداڵەکاندا یاریم دەکرد، وناردمی بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەک، بۆیە درەنگ گەڕامەوە بۆ لای دایکم، وکاتێک گەڕامەوە، ووتی: چی ڕێگر بوو (بۆچی درەنگ گەڕایتەوە)؟ ئەویش (ئەنەس) ووتی: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ناردمی بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەک، دایکی ووتی: پێداویستیەکەی چی بوو؟ منیش ووتم: «ئەوە نهێنیە»، دایکی ئەنەس پێی ووت: «نێهنی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بۆ هیچ یەکێک باس نەکەیت»، ئەنەس ووتی: «والله ئەگەر بۆ یەکێک باسی بکەم ئەوا بۆ تۆ باسم دەکرد ئەی سابت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەنەس کە خزمەتکاری پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بوو باسی ئەوە دەکات کاتێک کە منداڵ بوو یاری لەگەڵ منداڵەکاندا دەکرد وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بە لایاندا تێپەڕی وسەلامی لە منداڵەکان کرد، وپاشان بانگی ئەنەسی کرد وناردی بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکی، وئەنەس بەهۆی ئەمەوە دوا کەوت لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای دایکی، وکاتێک گەڕایەوە پێی ووت: چی وایکرد کە دوا بکەویت؟ ئەویش (ئەنەس) ووتی: پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- منی نارد بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکی، دایکی ووتی: پێداویستیەکەی چی بوو؟ ئەویش ووتی: من نهێنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆ کەس باس ناکەم، دایکیشی ووتی: نهێنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بۆ کەس باس مەکە؛ ئەمیش بۆ جەختکردنەوە وڕازی بوون بۆئەوەی بیانوویەکی بۆ بهێنێتەوە سەبارەت بە پاراستنی نێهنی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم-؛ چونکە ڕەتی کردەوە کە پێی بڵێت، پاشان ماوەیەک ئەنەس بە قوتابیەکی بە ناوی (سابتی بەنانی) کە بەردەوام لەگەڵیدا بوو ووتی: ئەگەر بە کەسێک ئەو نهێنیەم بووتایە ئەوا بە تۆم دەووت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3502